# شەڕی هاوڕێیان !
# ( سەبارەت بە تازەترین جیایی لە ڕیزی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا )

ئەحمەد معین

ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی 24 کەس لەئەندامانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وپێکهێنانی حیزبێکی تر بەهەمان ناو وئامانجی بەرنامەیی وفکریەوە جگە لە پاشکۆی حیکمەتیست ، جارێکی تر سەرنجی زۆر ناوەندی سیاسی وحیزبی وهێز ولایەنە چەپ وکۆمۆنیستەکانی عێراق وئێرانی بردەوە سەر ڕەوتی ناسراو بەکۆمۆنیزمی کرێکاری ودەیان پرسیاری کۆن ونوێ ی وورووژاند سەبارەت بە چارەنووسی ئەو ڕەوتە وجێ وشوێنی فیعلی ئێستای وهەلوێستە سیاسیەکانی وشێوەی بەرخوردیان بە جیاوازی بیرورا وبەراوردی نێوان ئیدیعا وکردەوەکانیان لەو بوارەدا و ..... تاد .

بەڕای من هەلوێستێکی وورد وچالاکانە لەبەرانبەر ئەزمەی ئەمڕۆی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ، بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق وئێران ، زەروورەتی هەیە .

لەپێش گشت شتێکەوە دەرس وپەندەکانی مێژووی 10 – 15 سالی ڕابووردوی ڕەوتی ناوبراو لە کوردستانی عێراق وتاووتوێکردنی لەڕوانگەیەکی مارکسیەوە ولەسەر بناغەی بەرژەوەندیە بابەتیەکانی چینی کرێکار وخەلک ، ئەتوانێ ، لەپال زۆر فاکتەری تردا ، دەوری خۆی هەبێ لەدەست خستنە سەر هەندێ لە هۆ و ڕیشەکانی ڕکودی ئەم سالانەی دوایی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەکوردستانی عێراق ولەوێشەوە ببێ بەپەیژەیەک بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی بووژانەوەی بزووتنەوەی ناوبراو بەمەبەستی گێڕانی دەوری پێویستی خۆی لە ململانێ کۆمەلایەتی وسیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراقدا .

بۆیە وائەلێم ، چونکە لە ڕاستیدا ، بەهۆی لاوازی نەزەری وهەروەها شلۆکی پایەی کۆمەلایەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەکوردستانی عێراقدا وهەروەها بەهۆی میوعەتی سیاسی ئەو بزووتنەوەیە وقەوارەنەگرتنی لەچوارچێوەی ڕێبازێکی سیاسی پایەداردا ، کۆمۆنیزمی کرێکاری توانی لەسالانی پێش ودوای ڕاپەڕینی 1991 دا ، ئەو بزووتنەوەیە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە وتا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا وبگرە گەر ڕاستر بلێم توانی ئەو سەردەمە وبەوهۆیانەوە کە باسم کردن زۆر بەئاسانی وەکوو لافاو ڕای بمالێت کە ڕەنگ بێ نموونەی وا دەگمەن بێ لە مێژووی وەرچەرخان وئالوگۆڕەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیست دنیادا .

دیارە لێرەدا سەرباری بایەخی ئەو باسەی کە بۆچی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕادیکال لەکوردستانی عێراقدا ، بزووتنەوەیەک کە مێژوو ونفووزێکی بەرچاوی هەبوو ( بەتایبەتی لەهەشتاکاندا ) ، وا بەئاسانی وبەئالوگۆڕێکی ڕووکەشی کەوتە ژێر کاریگەری کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە وچۆن نووسراوە وبەلگەنامە حیزبیەکانی ئەو ڕەوتە ( کە ئەو کات هێشتا وەکوو فراکسیۆن لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون ) وا بەئاسانی بوون بە ئینجیلی پیرۆزی ڕیزێکی بەرین لە هەلسووڕاوان وڕێکخراو وگرووپی سیاسی چەپ وکۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا ، ئەلێم سەرباری بایەخی زۆری ئەو مەسەلەیە ، من لێرەدا ناچمە سەری وبا بمێنێ بۆ کاتی شێنەیی تر ، وتەنها پەنجە بۆ دەگمەن بوونی ئەو تاقیکردنەوەیە وئەو جۆرە ئالوگۆڕە لەچاو ئالوگۆڕە فکری وسیاسیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەزۆر شوێنی تری دنیا وئاکامێک کەبەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا هێنای لە کوردستانی عراقدا ، ڕادەکێشم .

بەلام لایەنێکی تری ئەو مەسەلەیە خودی ئەو ئالوگۆڕانەشە کە بەسەر بنەما فکری وسیاسی وعملیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆشیدا هاتووە . بەبێ ئاوڕدانەوە لەمیشیان ، نەئەتوانین لەو عاقیبەتە تێبگەین کە ڕەوتی ناوبراو تووشی هات ونەئەشتوانین لە هەلچوون وداچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستانی عێراقدا تێبگەین .

هەر لێرەدا تەئکید لەسەر مەسەلەیەکی مەنهەجیش بکەمەوە وئەویش ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراقدا کە پاشان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا بەرجەستە بووەوە ئەوەندەی کاردانەوە وتفاعلی بووە لەگەل سادەترین ئالوگۆڕ و ( پێشڕەوی ) ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێراندا ( بۆ نمونە سەبارەت بە مەسەلەی وازهێنانی مەنسور حیکمەت ولایەنگرەکانی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ) دەیەکی ئەوەش بایەخی نەداوە بە مەسائیلی بنەڕەتی تری وەکوو خەباتی چینی کرێکاری عێراق ومێژوو وئێستای بزووتنەوەی کرێکاری عێراق ومێژوو وئالوگۆڕەکان وبارودۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق وبەوپێیە وجوود وهەلسوکەوتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نەک لەسەر پایەی بوون وخەبات وهەلسوکەوت وتفاعلاتی زیندوو و واقیعی چینی کرێکار وخەباتی چینایەتی وکۆمۆنیزم ومارکسیزم ، بە هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلانەوە نەبووە ولەسەر بنەما وپێویستی ئەوانە کارناکات ، بەلکوو ڕێک لەسەر بناغەی ( بڕواهێنان ) وپەیڕەویەکی سلبی ( تا ئاستی پاشکۆیەتی ووشک وکوێرانەی عەقیدەتی ) بۆ ڕەوتێکی سیاسی وفیکری وحیزبێک کە خۆی لە ئێراندا لاوازترین هێزی سیاسیە کە کاریگەری لەسەر خەباتی کرێکاران وخەلکی ئێران هەبێ .

بەکورتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نوسخەیەکی دەقاودەقی هاوتا ئێرانیەکەیەتی نە هەلقوولاوی پێویستی وگەشەی کۆمۆنیزم وبزووتنەوەی کرێکاری عێراق .

## شێوەی بەرخوردی لایەنەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەم جیاییە

هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەمیشە لە ئەدەبیات وباسی سیاسی خۆیاندا پێ لەسەر ئەوە دائەگرن کە ئەوان نوێنەرایەتی یا تەنیا نوێنەرن لە بواری بەرگری لە بەها ئینسانیەکاندا وهەر ئەوانن کە لایەنگری مۆدرێنترین ( سوونەتن ) لەبواری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەل نەیارانی سیاسی خۆیاندا . ئەوان بەقسەی خۆیان هەمیشە لایەنگری پێکهێنانی فەزای سیاسی ( سالم ) ن ودژی هەر جۆرە دنەدانێکی ناسیاسی وئیهانە وبێحورمەتیەکن بە ئینسان وئەوە لای ئەوان هەم بناغەیەکی بەرنامەیی پایەدار وهەم سوونەتێکی پراتیکی لەمێژینەیە . بەلام چاوگێڕانێکی کورت بەوباس وبابەتە ( سیاسیانەی ) کە ئەم ماوەیە سەبارەت بە جیاوازیەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بلاوبوونەتەوە شتێکی ترمان پێ ئەلێن وهەر ئینسانێکی بەویژدان وبێلایەنیش ئەگەیەنن بەقەناعەتێکی تەواو جیاواز لەو ئیدیعایانەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەوبارەوە ئەیکات .

لێرەدا لەبەر زۆری ( دەسکەوتەکانی ) کۆمۆنیزمی کرێکاری پێویست ناکات بچینەوە سەر مێژووی گرفتەکان وجیاوازیەکان ووازهێنانەکانی سەدان ئەندامی هەردوو حیزب وهەولی ناوزڕاندنی سەدان کەسایەتی کۆمۆنیست کەلەو 2 لایەنە جیابوونەوە وکردنەوەی فایلی تەشهیر وسووکایەتی وبەرخوردی نائینسانی وشکاندنی شەخسیەت وکەمپەینی باسی نزمی ناسیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە 10 سالی ڕابووردوودا بەلکوو تەنها سەرنجێکی زۆر کورت لە شێوەی هەلوێست وەرگرتنی هەردوولایەنی کێشەی ئەمڕۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وهەروەها شێوەی هەلوێست وەرگرتنەکانی ئۆرگان وئەندامانی ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ، کافیە بۆ تێگەیشتن لەشێوەی بەرخوردی ئەوان بە جیاوازی سیاسی وکەسان یا لایەنێک کە لە ڕووی هەلوێست وبڕیاری سیاسیەوە لەوان جیان یا بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەوان جیائەبنەوە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمیشە لەباس وپلمیکی سیاسیدا بەبەرانبەرەکانیان ووتووە ( قسەی سیاسی بکەن ) ، ( سیاسی بن ) وئەو جۆرە عیبارەتانە بوون بەسەرلەوح وپێشبەندی زۆرێک لەنووسراوەکانیان . بەڵام هەر لەم جیاییەی ئێستای باڵەکانی ناو حیزبی ئێراندا ، هەرچی لەقامووسی سیاسەتدا نەوتتراوە ئەمان بەیەکیان ووت .

سەرەتا خۆیان باس لە ( کەمپەینی یەکتر شکاندن ) ئەکەن . سادەترین شت ئەوەیە بەیەک بڵێن درۆزن . ئەندامی ڕابەری لایەنێکیان بەیەکێکی تریان ئەڵێ ( ئێوە هەڵگری سوونەتی فتوان ) . ناوهێنانی یەکتر بە( میحفەلیست ) سادەترین وباوترین شێوەی پلمیکی سیاسی ئەم جەماعەتەیە .

هەر بۆ نموونە کەسێکیان بەناوی ( سەلام زەیجی ) کە ئێستا لەڕابەری باڵی حیکمەتیستدایە لەوەڵام بە ( سیاوش دانشور ) کە ئەمیان لەڕابەری باڵەکەی تردایە ئاوا ( ئەنووسێ ) ودان بەوەدا ئەنێ کە : ( پلە وپایەپەرستی فەردی وهەوڵی ناڕەوا بۆ بوون بەسەرۆک وبەدەسهێنانی پلە وپایەی ڕێکخراوەیی جێ ی هەول بۆ بەرگری لەحورمەت وهەقی یەکسان ودەسکەوتەکانی تا ئێستای بزووتنەوەکامانی گرتۆتەوە ) . سەلام زەیجی لەوەڵام بە سیاوش دانشوردا 25 – 8 – 2004 . هەر هەمان ئەندامی ڕابەری باڵی جیکمەتیست لەنامەکەیدا ئەڵێ ( لەم ڕۆژگارەدا بەرژەوەندی فیرقەیی ومیحفەلی جێ ی بەرژەوەندی حیزب وبزووتنەوەکەی گرتۆتەوە ) .

هەردوولا یەکتر تاوانبار ئەکەن بە ( تەکفیرکردن وخستنەکەناری نارازیانی سیاسی یەکتر ) . ئەم هاوڕێ دێرینانەی یەکتر وئەم پەیام هێنەرانەی ( گێڕانەوەی حورمەت بۆ ئینسان ) لەچەند هەفتەی ڕابووردوودا سەدان لاپەڕەیان ڕەش کردەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لایەنەکەی بەرانبەریان ( محفل بازی ئەکا ) ، ( ڕاستیەکان ئەشێوێنن ) وبەیەکتر ئەڵێن ( هێندەی تر خۆتان لەکۆمەڵگادا سووک کرد ) !! .

ووتار وقسەکانی کادر وئەندامانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، تەنانەت لەگەل یەکتریشدا بە عیبارەتی ( هاوڕێ ی ئازیز ) یا ( فلانی ئازیز ) دەست پێدەکات بەڵام بەدوای ئەوەدا زنجیرەی جنێو وبێحورمەتی دەست پێدەکات وزۆر جار ، گەر نەیان ناسیت وا ئەزانی هەڵەی چاپ کەوتۆتە ووتارەکەوە و چۆن بەدوای ئەو ڕێزگرتنە ئەو هەموو جنێوە دێت .

هاوڕێیان وهاوسەنگەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری باس لەبەڕێوەچوونی ( فەزیحە – سکاندال ) یک ئەکەن ( بڕوانە ئازەر ماجیدی ) . کۆرش مودەڕیسی ( لیدەر ) ی باڵی حیکمەتیست لەبەرانبەر هەوڵی باڵی حەمید تەقوایی بۆ گرتنی کۆنگرەی پێنجەم ئەڵێ ئەوە ( کۆنگرەی کوودەتایە نەک شۆڕش ) . ڕێبوار ئەحمەدی ( لیدەر )ی حککع لەنامەیەکدا بۆ حەمید تەقوایی داوا ئەکا کە ( ئەو بەڵگەنامانە کۆبکەنەوە کە بڵاوتان کردۆتەوە ) کەمەبەستی ئەو باسانەیە کە بابەتی جیاوازیەکان بوون یا لەوبارەوە نووسراون وبەوەش ڕێک لایەنگری خۆی بۆ ئەوە دەرئەبڕێ کە ئەندامانی حیزب ولانی کەم عێراقیەکان چاویان پێیان نەکەوێت . محمد ئاسنگەران لەبەردەم سەدان کەس لەپالتاکدا ئەڵێ ڕێبوار ئەحمەد تا پرسی بە ڕەحمان حسین زادە نەکردووە هەڵوێستی وەرنەگرتووە وئەوان بەبەیانێک هاشا لەوە ئەکەن . لە سیمیناری پالتاکی محمد ئاسنگەرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی باڵی تەقواییدا کە ڕۆژی 10 – 10 بەسترا محسن کریم کە ئەندامی ناوەندی حککع لەبەرانبەر قسەی ئاسنگەراندا سەبارەت بەپێشێلکردنی مافی داواکارانی فراکسیۆن لەناو حککعدا ووتی ئەوە نموونەی حیزب نیە کە ئێوە داوای ئەکەن بەڵکوو چایخانەیە و لایەنی بەرانبەریش بەمی دەوت ئێوە حیزبی درۆن !!!! .

ئەبێ لایەنگرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری شوکرانە بژێرین کە ئەم ململانێ حیزبیە ( بەرزە ! ) لەئەورووپا وغەرب ودوور لە ئۆردووگاکانی جارانی پێشمەرگایەتی بەڕێوەئەچێ ئەگینا بەوهەست وشێوەی بەرخورد وئەو هەموو قینەپەنگەوەخواردوەوە کەس پێشبینی باشی نەئەکرد ورەنگ بوو فەزیحە ولەهەمان کاتدا تراجیدیەکی تری بابەتی ( گاپیلۆن ) وخەباتە ئایدیۆلۆجیەکەی چریکەکانی لێ بکەوتایەتەوە !! .

ئەو گیانی کینە ورق وجنێودان وبەکورتی ئەو گوتارە ناسیایە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وبالی حیکمەتیستەوە نەک هەر بەردەوامە بەلکوو شێوەی سکتاریستی ومیحفەلی دەخالەت وهەلوێست وەرگرتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش بوو بە فاکتەرێکی سەرباری قورس بۆی وئەمانیش هەموو شارەزایی دێرینەی خۆیان لەم بوارەدا خستۆتە گەڕ ووەکوو هەنگیان لەکلۆرە داردا دۆزیبێتەوە وهەموو ئەوانەش لەجیاتی رێی ئوسولی رێی پەرەسەندن وبەرانبەرکێی تەسکی فیرقەییان زیاتر پەرەپێداوە وپێناچێ ئەم کێشەیە بێ دووکەل بۆ هیچ لایەکیان تەواو بێت .

لەوەش سەیرتر ، ڕابەری حککع لە ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژانی یەکەمی ئاشکرابوونی ئەم کێشەیەی دواییدا ، لەبەرانبەر بالی حەمید تەقواییدا ، پێیان لەسەر ئەوە دائەگرت کە گەرچی ئەوان لایەنگری لە بالی حیکمەتیست ئەکەن بەلام ئامادەی هێشتنەوەی پەیوەندی نزیکی سیاسین لەگەل حککا وهەردوو بالەکەش بە 2 حیزبی یەک بزووتنەوە ئەناسن ، بەلام لەناکاو زمانی هەلوێستەکانیان گۆڕا وبێ ئەوەی شتێکی تازە هاتبێتە ئاراوە ، هەلوێستیان زۆر بەرەو توندی ئەگۆڕێ بەرانبەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وباس هاتە سەر پیلان وهەولێک کە حککا لەژێرەوە سەرقالیەتی بۆ ( شۆڕش ) ی ئەندامانی حککع لەدژی ڕابەریەکەیان وهەولی پارچەکردنی حیزبی ناوبراو .

حیکمەتی ئەو جۆرە هەلوێسگیریە هیستریکەی ڕابەری حککع ڕۆشنە . ئەوان لەڕووی سیاسی وڕێکخراوەییەوە دەرگیری دەیان گیروگرفتن . خەتە سیاسیەکەیان ، تەکتیک وشیعارە سیاسی وعملیەکانیان سەبارەت بە ئالوگۆڕەسیاسیەکانی عێراق ، ئیدیعاکانیان وشپرزی باری ڕاگەیاندنەکەیان وهەلبەز ودابەزە تەکتیکیەکانیان ( کە باشترین نموونەی هەلوێستی ئەمانە لەسەر مەسەلەی کورد ) ، پێش ئەم جیاییە خۆی دەرگیری بێ ئایندەیی وبێ ئاسۆییەکی سەیری کردبوون کە لەناو ریزەکانی ڕێکخراوەکانیشیاندا بێ ڕەنگدانەوە نەبوو .

ئا لەوکاتە نالەبارەی ژیانی سیاسی وڕێکخراوەیی حککع دا کە پاش چەند مانگ هەرا ووەعدە نەیانتوانی لەبەر بێ ئاسۆیی سیاسی و شپرزی تەکتیک وشیعارەکانیان کۆنگرە ببەستن ، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ناوەندە ئەسلیەکەیدا ، تووشی ئەزمەیەکی سیاسی وڕێکخراوەیی گەورەبوو .

ڕابەری حککع زۆر هۆشیارانە ڕێگەی هات وهاوار وسیناریۆی مەترسی هاندانی ئەندامانی حیزبەکەیانی هەلبژاردووە . پێش هەر شتێک ئەو جۆرە ووتارە سیاسیە وەکوو گشت ئەو سیناریۆیانەی کە لەقۆناغەکانی تری ئەزمەی ئەم حیزبەدا پەیڕەویان لێکردووە ، نیشاندەری ئەوەیە کە ڕابەری حیزبی ناوبراو عەقل وئیرادەی ئەندامانی خۆی بەکەم ئەگرێ ئەگینا پەنای بۆ چەکی واژەنگاوی نەدەبرد.

پێویستە ڕابەری وهەر ئەندامێکی حککع لەخۆیان بپرسن : ئایا ئەکرێ لەدنیای ئەمڕۆدا ئەندامانی حیزبەکەیان دووڕاگرن لەدەسگەیشتن بە بیروڕای کەسان ولایەنی سیاسی تر لەسەر ئەم جیاوازیانە ولەسەر ناوەڕۆک وهۆ وریشەکانی ؟ ئایا شاردنەوەی بەلگەنامەکان وباسە ناوخۆییەکان لەئەندامان هیچ پەیوەندیەکی هەیە بەهەلبژاردنی ئازادانەی سیاسی وبڕیاری سیاسی سەربەخۆوە ؟

ڕابەری حککع باش ئەزانن کە لە سایەی جەوێکی کراوەی ئازادانە بۆ باس ورەخنە وپلمیکی سیاسی ڕۆشندا زۆر چەک لەدەستی ئەوان ئەکەوێتە خوارەوە ونیشانەی پرسیاری زۆر لەسەر زۆر بڕیار وسیاسەت وهەنگاو وپراتیک وشیعار وکردەوەی ڕابەری دروست ئەبێ . ئەوان ڕێگەی جاروجەنجال وهات وهاواری ( هاندان ) و( پیلان ) و ( پاشقول ) وتوونکردنەوەی ئاستی کێشەکانیان بۆیە هەلبژاردووە ، تا بەنانەوەی تەپ وتۆز و دروستکردنی مەترسی ونەیاری فەرەزی وگوایە هەر باس ورەخنەیەک لەوان بە قازانجی هێزە بورجوازیەکانی دەوروبەر تەواو ئەبێ ، ئەیانەوێ بەهەر قیمەتێک بووە یەکیەتی ریزەکانیان بپارێزن و ( اعادەی انتاجی ) لیدەر وڕابەری بکەنەوە ورێ بگرن لەدەخالەتی ئەندام وکوادر لەم قۆناغە مەترسیدارەی ژیانی سیاسی وڕێکخراوەیی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا .

ئەركی ئەندام لای ڕابەری كۆمۆنیزمی كرێكاری وبەتایبەتی باڵە عێراقیەكەی بریتیە لە پەیڕەوی و ( ولاء ) وچەپڵە لێدان بۆ لیدەر و ڕابەری وقبوولكردنی ئەوان وەكوو وەكیل و( قیم ) بەسەریانەوە .

ڕابەری حككع سەرباری ئیدیعاكانیان بەڵام بەبڵاوكردنەوەی تۆماری پشتگیری كردن لەڕابەری وسەرجەم هەڵوێست وشێوەی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ ئەم ئەزمەیەی كۆمۆنیزمی كرێكاری ودەركردنی بەیاننامە لەلایەن ئەم یا ئەو كۆمیتەوە بەئاشكرا ئەیسەلمێنن كەنەك هەر غەرقی دواكەوتووترین سوونەتی چەپی غەیرە ماركسین بەڵكوو لەپێناوی بەرژەوەندی تەسكی گرووهیدا سل لە هیچ شتێك ناكەنەوە وئیتر سكتاریزم تەنانەت بووە بە ڕوكنێكی هەویەتی ئەوان .

گەر ڕابەری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بەتایبەتی وكۆمۆنیزمی كرێكاری بەگشتی ، پابەندبوونایە بە سادەترین ئوسوول وپرنسیپەكانی ململانێی دەروون حیزبی وپێوانە وسوونەتە كۆمۆنیستیەكان لەوبوارەدا ، ئەبوایە لەجیاتی وورووژاندنی گیانی دنەدانی عاتیفی وكەمپەینی تۆماركۆكردنەوە ودەمارگیری تەسك ودواكەوتووی ڕێكخراوەیی ولێكدانەوەی ئەم دیاردەیەش لەچوارچێوەی میتۆدی ( ناحەز ) و ( دوژمن ) و ( پیلان ) وئەو جۆرە مەقوولاتە دواكەوتووانە كەبەشی دانەبڕاوی میتۆدۆلۆجی وبیركردنەوە وسوونەتی دواكەوتووترین بەشی چەپن ، ئەلێم ئەبوایە حیوارێكی سیاسی ڕۆشن و ووردی بەرێ بخستایە سەبارەت بە ڕیشە وهۆ ولایەنەكانی ئەم ئەزمەیە ولەجیاتی سەرمایەگوزاری لەسەر ( ولاء ) بۆ یەكجاریش پشتی بەعەقلی سیاسی وبڕیاری سیاسی سەلیمی ئەندامەكانی خۆی و ئێنجا موخالیفینی خۆی ببەستایە .

بەڵام ئەبێ زۆر ڕاشكاوانە ئەوە بووترێ كە ئەو چاوەڕوانیە لەهەموو باڵەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری وەهمێكە كە پیش گشت شتێك سەری خاوەنەكەی ئەخوات .

**ئۆكتۆبوری 2004**